نێچیرڤان بارزانی: نە شکست نە بە هیوایی پێناسەی پارتی بوو

نێچیرڤان بارزانی، جێگری سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان دوێنێ یەکشەممە لە هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە هەولێر ڕایگەیاند، هیچ کات نە شکست نە بە هیوایی پێناسەی پارتی بووە.

دوێنێ یەکشەممە، نێچیرڤان بارزانی جێگری سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە هەڵمەتی بانگەشەی پارتی لە شاری هەولێر گوتی: خەڵکی تر، لایەنەکانی تر ململانێ دەکەن بە ئەوەی تۆزێک بگەنە ئاستی پارتی، ئێمە وەکو پارتیی قەناغی ململانێمان بەجێهێشتووە، ئامانجی ئێمە زۆر گەورەترە لەو ململانێیە، ئامانجی ئێمە وەکو پارتی، ئامانجی ئێمە گواستنەوەی کوردستانە بە قەناغێکی تری پێشکەوتووتری حکومەتانی لە هەموو ڕوویەکەوە.

نێچیرڤان بارزانی دەشڵێت: گەلەکەمان بە زۆر قەناغی تاریک و نەهامەتی و شکستدا تێپەڕیوە، بەڵام هیچ کات نە شکست پێناسەی پارتی بووە، نە بەهیوایی پێناسەی پارتی بووە، پێناسەی ئێمە، وەک پارتی دیموکراتی کوردستان، خۆر و تیشک و پرشنگ و ڕووناهی و گەشەی ژیانە، پارتی وا لە دایک بووە، وا بەردەوام بووە، هەر بۆ خۆشگوزەرانی بردەوام دەبێت.

پارتیی ئێمە لە پارتێکی سیاسی گەورەتر بووە، ئێمە بزووتنەوەیەکین، بوونەتە چرای ڕۆشنایی گەلی

کوردستان بۆ هەموو پێکهاتەکانییەوە، لە ڕابردووەوە ئەم تاریکیمان ڕەواندتەوە، لە سەردەمی ئێستاماندا، دەستپێشخەر و سیمبۆل و گەرەنتیی ئاوەدانی و سەقامگیری و ئاسایشی کوردستان و پێشکەوتنی کوردستانین.